## خوێندنەوەی کتێب:

**هەڵۆ بەرزنجەیی**




**لەبڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی روناکبیری و کۆمەڵایەتی کەرکوک**

**کەرکووک ٢٠١١**

لەبەرگێکی رازاوە و دوو توێی ٣٣٤ لاپەڕەدا ***کاک محەمەد شاکەلی*** ئەندامی دامەزرینەر و سەرکردایەتی، بزوتنەوەدواتری حیزبی سۆسیالیستی کوردستان بیرەوەری و بەسەرهاتی ناوەوەو دەرەوەی روداوەکانی پەیوەست بەکوردستان لەساڵانی ١٩٧٦_١٩٩٣ دەخاتەبەر دیدی خوێنەران.

شاکەلی... وەک گەواهێکی زیندوو و راستگۆی نێو هەناوی رووداوەکان هەر لەسەرەتای دروستبوونەوەتا دوا قۆناغەکانی بەئەمانەتەوە، تیشک دەخاتەسەر مێژووی بەسەرهاتەکانی پارتەکەیی و کوردستان.لەبیرەوەرییەکانی شاکەلی دا گەلێ لایەنی شاراوەو هەستیار و گرنگ بەرچاو دەکەون. لەم ڕوانگەیەوەتێگەیشتن لەپرسی کورد و ئاستی بەرپرسەکانی بەروونی بەدیار دەکەون. بزوتنەوەوەک بەشی هەرەزۆری حیزبەکانی دیکەی کوردستان یەکێتییەکی فکریی و چەسپاوی نەبووە، هەر بۆیەکا ناسنامەیەکی بەرجەستەی لەو چەند ساڵەی خەباتدا بۆ نەچەسپاو چەندین جار لەسەر یەک تووشی لێک جیابوونەوەو پارچەپارچەبوون هات. بەتێکڕا هەمیشەلەنێو ململانێی کەسی و هزریدا خولی خواردووە و ئەندامان سەرگەرمی بەیەکدا هەڵچوون و دوورکەوتنەوەلەپەیڕەوی حیزب بوون و بەمەش حیزب لاواز بووە، هەڵبەت سەرئەنجامی ئەم گرفتانە، بزوتنەوەی کوردایەتیش گورزی بەرکەوتووە. لەئاکامدا ناوەندێکی تۆکمەو بەهێزی

خاوەن بڕیار نەیتوانیوەبالادەستی خۆی بسەپێنێ و رابەرایەتی حیزب بکات، ئەو حیزبەی بەسەدان و هەزار شەهیدی لەپێناوی کوردستاندا بەخشیوە.

شاکەلی لەم رووەوەبەئازایەتییەوەلە لاپەڕە ٢٤٩ دەنووسێ: ***بەدرێژایی هەبوونی بزووتنەوەو پاشان حزبی سۆسیالیست، سەرکردەیەکی خاوەن کاریزمان و قسەڕۆیشتو لای هەمووان دروست نەبوو...***

یان لەلاپەڕە ٢٥١ دا دەڵێ : ***نەبوونی سەرکردەی قسەڕۆیشتوو، جێگیر نەبوونی فکری حزب لەنێوان چەپ و ڕاست و سۆسیالیستی زانستی و سۆسیال دیموکرات. لەهەندێ کات دا لێدوان و بۆچوونی سەرکردەیەکی سۆسیالیست جیاواز نەبوو لەبیروبۆچوونی سەرکردەیەکی حزبی شیوعی یان کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان.بەپێچەوانەشەوەجاری وا هەبوو سەرکردەیەکی سۆسیالیست کەباسی مەسەلەی نەتەوایەتی دەکرا، وەکو هاوبیرێکی پاسۆک دەدوا.***

ئەم کێشانەش وەک شاکەلی بۆمان دەگێڕێتەوەلای سەیدا ساڵح و رەسول مامەند و سەرکردەدیارەکانی دیکەی سۆسیالیست بەرچاو بووە.

هەڵبەت کاتێ من قسەلەسەر دیاردەیەکی نەرێنی وا لای سۆسیالیست دەکەم ، مەبەست ئاماژەدانەبەو ماڵوێرانییەی لەدنیای سیاسەتی کوردیدا بەرقەرارە، نەک تانەو تەشەر دان لەکەس و لایەنێک. لەم هاوکێشەیەزۆرینەی حیزبەکانی کوردستان هاوشێوەن.

بنۆڕن شاکەلی چیمان بۆ دەگێڕێتەوە:

***دوای رووداوەکانی قەندیل، مەبەست هەکارییەکۆبوونەوەی سەرکردایەتی حسک لەبەهاری ١٩٨٢ لەنزیک گوندی زێوکەلەبناری قەندیل بەئامادەبوونی ١٢ ئەندامی سەرکردایەتی بەسکرتێری گشتییەوەخوالێخۆش بوو رەسول مامەندەوەدەگرن.دوای گفتوگۆ لەبارودۆخی ناوخۆی حیزب و دابەشکردنی ئەرکەکان کۆبوونەوەکەیان تەواو دەبێت دەیانەوێ راگەیاندنی کۆتایی بڵاوبکەنەوە... مامۆستا سەعد، رادەبێ دەڵێ خاڵێکی گرنگمان لەبیرکردووەئەویش ئیدانەکردنی هەڵسوکەوتی کۆنەپەرستانەی ئیستعماری فەرەنسی و ئینگلیزی و ئەمریکایەلەکێشەی نامیبیا و مۆزامبیق!***

***خاڵەسەید کاکەگووتی مۆزامبیق و نامیبیا چنەو چ پەیوەندییەکیان بەئێمەو ئەم بارودۆخەی ئێمەوەهەیە؟***

***مامۆستا سەعد بەگەرمی باس لەو کێشانەی دنیا دەکات...***

***خاڵەسەید کاکەگووتی مامۆستا ئێستا کەس ئاگای لەئێمەهەیەکەلێرەین؟ئەتو لەم دۆڵەدا بەئاستەم ئاسمانت لێوەدیارە. خوا خوامانەچوار فەردەئارد و دوو سندووقەفیشەک پەیدا بکەین تا بتوانین درێژەبەشۆڕش بدەین.ئەتۆ وادەزانی ئەو عالەمەهەموو چاوەڕوانی ئەنجامی ئەم کۆبوونەوەی ئێمەن ؟ ئەتو***

***ئەمڕۆ ناردووتەلەپیرانشار و ورمێ دوو بەستەکاغەز و هەندێک مرەکەبی ڕۆنیۆت لۆ بێنن تا چەند نوسخەیەک لەبەلاغەکەچاپ بکەین. جا نازانم بۆت دێنن یان نا. چت دەوێ؟ دەتەوێ لێرەوەتەمبێی ئیستعمار بکەین ؟! لاپەرە ٦٥/ ٦٦***

گەر تەنها ئەم نموونەو جیاوازیی بۆچوونەبکەینەپێوانەبۆ راستی ئەو باسەی سەرێ لەپارادۆکسی دنیای حیزبێنی کوردی تێدەگەین. ئاشکرایە مەل بەباڵێ ناتوانێ بڕفێت، بەم پێودانگەش گەر حیزبێ یەکێتی هزر و کاری نەبێت ، وا دەرەتانی رەوتی کاروانێکی درێژی خەباتی نابێت. وەک نووسەر بۆمان دەگێڕێتەوەو دواتریش رووداوەکان سەلماندیان ح.س.ک چ پێکهاتەیەکی هەبووەو ئاکام بەکوێ گەیشت. لەلاپەڕە ٩٢ دا هاتووە:

***کاک عەبدولخالق زەنگەنەو کاک قادر عەزیز حیزبیان لەبنەڕەتدا بۆ خەباتی چینایەتی لا مەبەست بووە، کاک قادر جەباری خۆی نەبەشیوعی و نەبەمارکسی دەزانێ و مەسەلەی نەتەوایەتی لای گرنگە.***

نووسەر... بەم شێوەیەدرێژەبەکۆمەڵێ باسوخواستی تایبەت و کێشەو ململانێ هزرییەکانی ناو سۆسیالیست و ئاڕاستەدوور لەیەک و بگرەدژ بەیەکەکان دەخاتەبەر چاو. دواتر لەدرێژەی گێڕانەوەی کۆمەڵی رووداودا کورتەیەکی هەوڵەکانی یەکگرتنی سۆسیالیست و پاسۆک و پاشانیش هاتنەناوەوەی پارتی گەل ئاماژەپێدەدات.

لێرەدا دوو سەرنجی وورد لەسەر ئەم هەنگاوەی سۆسیالیست دەخەمەبەرچاو.

یەکەم... نووسەر دەڵێ: ***لەناو سەرکردایەتی سۆسیالیست بەتایبەتی و ئەوانی کەش بەتایبەتی پاسۆک، یەکگرتنەکەخۆدەربازکردن بوو لەواقیعی تاڵ، نائومێدی بەرانبەر بەوەزعەکان، ئینتحاری سیاسی یان هەموویان پێکەوە.ل ٢٩٤ _٢٩٥.***

مان لەیاد بێت دوای یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و دامەزراندنی حکومەتی هەرێم، بەدروشمی نێوان پارتی و یەکێتی بەئاوەزی ناکوردانەو نادیموکراتانەو گەلێ جارانیش بەخوایشتی ئاغاکانیان نی هەموو حیزبەهاوپەیمانەکانی ناو بەرەی کوردستانی و هێزەکانی کورد لەبەشەکانی دیکەی کوردستانیش. ەمێژوویەدا پارتی و یەکێتی دوور لەهەموو گیانێکی نەتەوەیی و لێپرسراوێتی سووربوون لەسەر پاکسازیی کانی گۆڕەپانەکە. دواجار شەڕی کوردکوژی بووەچارەنووسێکی تاڵ و رەش بۆ خۆیان و کوردایەتی. ئیدی ئەم قوربانی راستەوخۆ ئەو سیاسەتەچەوتەی خرایەگەڕ. مەرجی قورس بۆ هەڵبژاردن دژ بەحیزبەبچووکەکان ریش بێبەشکردنیان لە داهاتی کوردستان. ئەودەم دەرفەت یان رووبەرووبوونەوەی چەکداری بوو!، ئەمەش ئامادەنەبوو بچێتەژێر باری ئەو بەرپرسیارێتییەمێژوویەوە. یان دەبوو هانا بۆ داگیرکەرانی کوردستان

ن ئەمەش تاوانێکی گەورەبوو. بۆیەناچاریی و نابەدڵی بووەبڕیاری باڵا و سەرئەنجام بەپینەوپەڕۆ یەکگرتن
ەنا جگەلەکەم و زیادکردنی ژمارەکان، تاکەسوودێک چییەبەکوردایەتی نەگەیشت.

ەند ئاماژەبەچەند نموونەیەک دەکەم بۆ روونتر کردنەوەی راستییەمێژووییەکان.

رۆژێ پێش هەڵبژاردنەکان بەپلانێکی پێش وەخت نەخشەبۆ کێشراو هاوبیرێکی پاسۆک
ەتییەکەی مولازم کەریم کەسی یەکەمی پاسۆکی لەناو شاری سلێمانی ڕفاندوو چووەناو یەکێتیەوە. کاتێ
ی لێپێچینەوەلەگەڵ ئەو تاوانبارەدا بکات، یەکێتی لەرێگای مام رۆستەمەوەرایانگەیاند کەوا ئامادەن
ەکدار لەپێناوی ئەو مەسەلەیەدا بەکوشت دەدەن. پاسۆک کەوتەبەردەم دووڕیانی شەڕێکی سەپاو یان
ەرامۆشکردنی رووداوەکە.

ەوەشدا کە بۆ پاسۆک گەلێ دژوار و قورس بوو، وەلێ رێگای دووەمی بەشانازییەوەهەڵبژارد. مولازم کەریم
واهەرگیز ئامادەنییەبۆ ئوتومبێلێک تاکەکوڕێکی کورد بداتەکوشت.

ەی نەورۆزدا لەدهۆک هاوبیرێکی پاسۆک لەوتارێکدا رەخنەلە ئەقڵێت و داخوازی حوکمی زاتی دەگرێت،
ازل میرانی بەرپرسی لقی دهۆکی پارتی لەزیندان توندی کرد، ئەوەبوو مولازیم کەریم بەبروسکەبەناو
سەرۆکی پارتی داوای کرد عەلی حەسەن مەجیدی بادینان ئەو هاوبیرەی پاسۆک ئازاد بکات. گەر ئەو
ەبیر بێت دەیان و سەدان نموونەی دیکەش هەن کەلێرەدا جێی باسیان نابێتەوە.

دووەم ***...ئێمەبۆ خۆمان درەنگێک گەیشتینەئەو راستییەی کەنەدەبوو هەر لەبنەڕەتەوەبەشداری پرۆسەی***
***یەکگرتنمان بکردایە...ل ٢٩٨***

هەوڵی یەکگرتن هەمیشەداخوازییەکی نەتەوەیی و سیاسی و مێژوویی بووەلەبەردەم هەموو لایەنەکانی
کوردستان دا. هەوڵی یەکگرتنی حسک و پاسۆک مێژوویەکی درێژ و تایبەت بەخۆی هەیە. ئەم دوو
حیزبەباشترین و تۆکمەترین پەیوەندی سیاسیی سەروماڵییان پێکەوەهەیەو بەسەدان بابەت و باس و خواست
ناویان پێکەوەگرێ دەدات. وەلێ هۆکاری نەهاتنەدی و سەرنەکەوتنی ئەو پرۆسەیەلەبنەڕەتدا دەگەڕێتەوەبۆ
نەبوونی ناسنامەیەکی هزریی روون و ئاشکرا و بەرجەستەلای حسک. بەشێک لەئەندامەکانیان حیزبێکیان بۆ
خۆیان لەنێو حسکدا دروست کرد بوو.

پاسۆک هەمیشەئەم خاڵانەی بەبڤەو ناجۆر لەبەرانبەر یەکگرتن دا دادەنا. شایانی گووتنەلەبنەڕەت و
جەوهەریشدا کێشەکەبریتی بوو لەوەی، حیزبێ باس لەخەباتی نەتەوەیی و ئامانجی دامەزراندنی دەوڵەت
بکات و بیروباوەڕەکانی هەڵقوڵاوی نێو ناخی ژیانی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و سیاسیواقیعی وڵاتەکەی بێت

و حیزبێکی دیکەسەرگەرمی خەباتی چینایەتی و دەروێشی تیوریی مارکسی و لینینی بێت چۆن یەکبگرن؟! گەر یەکگرتنیش پێک هات چی لێ دروست دەبێت ؟! ئەی دەکرێت بەرەو کوێ پێکەوەکاروانەکەبەڕێکەن!؟

ئەمەلەکاتێکدا فەلسەفەی یەکگرتنی کوردی، بریتییەلەیەکتر قووتدان و پاشکۆکردنی یەکتر، نەک دڵسۆزانەتر چوونەژێر باری بەرپرسیارێتییەوە. مەخابن لەهەموو یەکگرتنەکانی کوردستان دا، لەبری ئەوەی هێز و ووزەو گیانی دڵسۆزی زیاتر لەدایک بێت ، لاوازی و سستی و دوورکەوتنە بەرهەم هاتووە. لەمەش ترسناکتر بەهۆی نەبوونی بەرنامەیەکی نەتەوەییەوە، پرۆسەی یەکگرتن دەبێتەهاوکێشەیەکی ماتماتیکی بۆ زۆر و بۆرکردنی ژمارەی رەشەخەڵک.

پاسۆک لەروانگەی خۆیەوە چەند پێی باش بووە لەرێی هێزی پێشمەرگەی سۆسیالیستەوەخۆی بەهێز بکات و توانای کادێرەکانی باشتر بۆ کوردایەتی بقۆزێتەوە، سۆسیالیستیش بەهەمان شێوەچاوی خۆیان بڕیبووەناو و بیر و رێباز و کادێرەکانی پاسۆک و توانای یەکەبەیەکەی هاوبیرەکانی. لەرێی موتوربەکردنی ئەم دوو هێزەوەدەرەتانی پێکهێنانی هێزێکی خورتی کوردایەتی دوور لەململانێ و دروستکراوەکانی سەر گۆڕەپانی کوردستان هەبوو، کەبۆ ئەو رۆژەی کوردایەتی بەهەنووکەشەوەگەلەک پێویست وپێویستە.

کاک شاکەلی دەنووسێ: ***لەکۆنگرەی یەکگرتندا روون بۆوەکەناتەبایی سەرکردایەتی سۆسیالیست ، بووبەهۆی ئەوەی زەرەرمەندی یەکەم لەئەنجامی ئەو کۆنگرەیەهەر سۆسیالیست بێت.***

دیسان ئەم خاڵەش ئامازەیەکی دیکەی بەڵگەنەویستەبۆ کێشەکانی ناوخۆی سۆسیالیست و سروشتی ئەو پرۆسەی یەکگرتنەی لەگەڵ لایەنەکانی دیکەدا پێیدا تێپەڕی.

من خۆم لایەنگریی ئەو هەنگاوەسیاسییەنەبووم کەخودی پاسۆکیش لایەنێکی گەلەک ئەکتیڤی ناو پرۆسەکەبوو. هاوبیران و رێکخستنەکانی پاسۆک لەدەرەوەی کوردستان یەک دوو هاوبیری لێ دەرچێ، ئەوی دیکەی بەتێکڕا بڕیاری درێژەدان بەخەباتمان هەتا ئێستاش لەچوارچێوەی پاسۆک و لەژێر سێبەری دروشمەکانیدا دا.

مامۆستا شاکەلی...لەبەر ئەوەی لەهەرێمی سلێمانی سۆسیالیست بوو، لەتەک ***کاکەحەمەی حاجی مەحمود*** دا دوو دۆست و برای هەرەهێژا و رێزداری هاوبیرانی پاسۆک بوون و زۆر لە سەرکردەکانییەوەنزیک بوون ، بۆیەلێرەدا ئەو چەند ووشەیەدەنووسمەوەکە لەژێر ناونیشانی ***پاسۆک و (کاک ئازاد)ی پاسۆک و باسی دیکە*** دا لەل ٣٧ ـ ٣٨ دا بۆی تۆمار کردووین.

***لەراستیدا پاسۆک زۆربەیان خەڵکی شار و خوێندەوار بوون. هەستی نەتەوایەتییان بەرز بوو. ئەوەندەی ئاگادارم ژمارەیان لەپەنجا کەس تێنەدەپەڕی، بەڵام هەموویان بەدیسپلین و گوێڕایەڵ بوون.***

*کاک ئازاد... پیاوێکی رۆشنبیر و نووسەرێکی بەتوانا بوو. زۆری دەخوێندەوەو توانای وەرگێڕانی لەکوردییەوەبۆ عەرەبی و فارسی و بەپێچەوانەشەوەهەبوو. لەنووسینی هەجووی سیاسیدا قەڵەمێکی تیژی بەکار دەهێنا، دیارەبەپەخشان نەک بەشیعر. هەندێ کات لەگەڵ ئەو جۆرەنووسینانەدا وێنەی کاریکاتێری پڕ ماناشی دەکێشا.*

*ملازم کەریم..قسەخۆش و ئەهلی نوکتەبوو. فەرماندەیەکی بەتواناش بوو، دەشیخوێندەوە،بەڵام تاقەتی نووسینی نەبوو .شیعری شاعیرانی کوردیشی زۆر لەبەر بوو. لەگەڵ کاک ئازاد تەواوکەری یەکتربوون، کاک کەریم بەجنێوەسیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ناوبانگی دەرکرد بوو، ئەوەی بەنووسیینەکانی کاک ئازاد تەواو نەبووایە، کاک کەریم بەهەجوی زارەکی تەواوی دەکرد.*

جگەلەو باسانەی سەرێ کۆمەڵێ زانیاری دەربارەی ئاشتبوونەوەی گشتی و دامەزراندنی بەرەی کوردستانی و ئەنفال و دەخوێنینەوە.

لەکۆتاییشدا کۆمەڵێ نامەو بەڵگەنامەی لەتەک کورتەیەک لەژیانی خۆی بڵاوکردۆتەوە.

خوێندنەوەی ئەم بەرهەمەدەمانگێڕێتەوەبۆ سەردەمانێکی هەستیاری مێژووی خەباتی رزگاریمان و ئاشنابوون بەکۆمەڵێ زانیاری و بەڵگەسوودمەند، کەدەبێتەمایەی ئەوەی ئاسۆی تێگەیشتنمان بەرانبەر بەو رۆژگارەسەختانەفراوانتر بێت.

وێڕای دەستخۆشی لەمامۆستا محەمەد شاکەلی، بەهیوام دیدی خوێنەران و کتێبخانەی کوردی بەبەرهەمی دیکەش دەوڵەمەندتر بکات.

٢٠.١٢.٢٠١١ بەرلین

^^^^^^^^^^^^^^^^^^^^^^^^^^^^^^^^^^^^^^^